# سەمفۆنیای ڕەنگی گوند

## خوێندنەوەیەک بۆ تابلۆکانی عەلی حوسێن


**لە مێژووی هونەری شێوەکاریی باشووری کوردستاندا، ئازاد شەوقی و جەوهەر محەمەد عومەر، سرووشت بابەتی هەرە سەرەکیی بەرهەمهێنان و کار کردنیانە. لەم بوارەدا هەر یەکەیان خاوەن ستایل و شێوازێکی تایبەتی خۆیەتی، کە سەرەنجام گوتارێکی تایبەتمەندی دیدەییان گەڵاڵە کردووە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**



د. عەلی حوسێن، هونەرمەندێکی شێوەکاری کەرکووکە، لە دوایین پیشانگای تایبەتی خۆی بە ناونیشانی (ئەڤین لە سیمفۆنیای ڕەنگەکاندا ) کە لە سەرەتای تشرینی دووەمی ئەم ساڵ لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر کردیەوە، ستایلێکی دیکەی کارکردن لە بابەتی سرووشتمان پیشان دەدات.

ڕەنگە ناونیشانی پیشانگاکە تا رادەیەکی زۆر هێما بێت بۆ جۆری کارکردنی هونەرمەند و وەگەڕخستنی فاکتەری ڕەنگ وەك ڕەگەزی سەرەکی لە ئەفراندنی سەرجەم تابلۆکانی ئەو پیشانگایەدا. سرووشت بابەتی سەرجەم تابلۆکان بوو، لە نێو سرووشتیشدا ئەو گوندی کردووەتە جەمسەری کار کردنی، گوند لە یادەوەری و یادگەی بەشی هەرەزۆری نەوەکانی رابردووی کوردستاندا نەخشێکی کارای هەیە. زۆربەی دەستەبژێری نەوەکانی رابردوو، یان بە ڕەچەڵەك دەچوونەوە سەر خانەوادەی گوندنشین، یان ئەوەتا بەشێکی ژیانی خۆیان چ وەك پێشمەرگە، یان وەك مامۆستا لە گونددا بەسەربردووە. جگە لەوەی گوند سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری ژینگەیەکی ڕەسەنە، وەك هەڵگری هەموو سیماکانی شارستانییەتی کورد لێی دەڕواندرێت. هەروەها وەك ژینگەیەکی پاکیزە و بێگەردیش هەستی جوانخوازانەی هونەرمەندانی بە لای خۆیدا راکێشاوە، ژیانی ساکار و پڕ ئەشك تەژی لە داب و نەریتی باب و باپیران، هەموو ئەمانە ڕەهەندێکی ئەفسانەییان بە گوندی کوردەواری بەخشیوە. سەرچاوەی خولیا بوونی د. عەلی بە ژینگەی گوند ڕەنگە تێکەڵەیەك بێت لە سەرجەم ئەو فاکتانەی لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەمان پێ کردن، لە پاڵ ئەوەشدا نیگار هونەرێکە زۆر بە فراوانی دەکەوێتە بن کاریگەریی نەستەوە. ئەوەی پتر بۆ هەر هونەرمەندێك بە ئەفراندن دەژمێردرێت، ئاخۆ لە چ گۆشەیەکەوە لە سرووشت دەڕوانێت، پاشان چۆن دیدی خۆی و گوتاری ستاتیکاییانەی خۆی دەخاتە ڕوو. لێرەدا د. عەلی ڕێچکەی خۆی دیاری کردووە، کە لە ساغکردنەوەی بەرهەم و گەڵاڵەکردنی گوتاری دیدەییانەی خۆی و چەسپاندنی ڕەگەزەکانی تابلۆدا، خۆی







دەنوێنێت.

لە هەر شرۆڤەیەکدا بۆ تابلۆکانی هونەرمەند، بە تایبەتی لەم پیشانگایەدا، دەبێ بڵێین گوند بۆ خۆی بووەتە بابەتی هەرە سەرەکیی هونەرمەند، ماڵی گوندنشینان (بە شێوازی دێرین و رەسەن و رابردووی گوندی کوردەواری) بووەتە چەقی کار کردنی، سرووشتی دوور و نزیکی دەوروبەری گوند، لە پەراوێزی کارکردنی هونەرمەنددان. ئەو ئەگەرچی هەندێك جار لە کێشانی دۆخی ئاوەدانیی گوند و خانووی گوندنشیناندا، تا ئەندازەیەك لە شێوازی ئازاد شەوقی نزیك دەبێتەوە، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی رەنگ و چڕکردنەوەی دیمەنی خانووەکان، بەڵام د. عەلی گوند هێندە زاڵ دەکات، کە ئیدی رەگەزەکانی دی نەخشی زۆر کەمیان لە گەڵاڵەکردنی گوتارەکەیدا دەبێت. ئەوەش جێی سەرنجە کە زۆر بوێرانە رەنگی داناوە، یەکبین و راستەوخۆ کاری کردووە، دوودڵ نەبووە لە کۆکردنەوەی هەمەجۆریی رەنگ بە تەك یەکەوە، واش پێدەچێت ئەزموونێکی باش و دوور و درێژی لە بەکارهێنانی رەنگدا هەبێت، بۆیە سەمفۆنیای ئەڤینی خۆی بەرانبەر بە ژینگەی گوندەواری کوردستان، باش ژەنیوە، هەڵبەت لە دارِشتن و داگرتنی پەڵەی رەنگ، بە تەرزی باوی سەردەم کاری کردووە، بەڵام لە تێکچڕژاندنی رەنگ و فۆرم و زاڵ بوون بە سەر ئەندازەی تابلۆدا، شەقڵی خۆی دیاری کردووە و جێ پەنجەی خۆی بە تەوێڵی تابلۆدا نەخشاندووە.

شتێك کە زۆر سەرنج رادەکێشێت، د. عەلی فڵچەی خۆی ئازاد کردووە، گوێی لەوەش نەبووە لە سەر کام رەنگی سەر پالێتەکەی گیرساوەتەوە، چونکە جیهانی گوند رەنگستانێکی بێ کۆتاییە، لە نێو سەمفۆنیای ئەو ژینگەیەدا، بە لۆژیکی گوتاری دیدەییانەی هونەرمەند، هەموو رەنگێك جێی دەبێتەوە، هەموو رەنگێك قابیلی ئەوەیە لە هەر شوێنێك دابەزێت، ترسێك لە ئارادا نییە، چونکە مایسترۆیەك ریتمی جووڵەی رەنگ و فۆرم ئاراستە دەکات، بۆیە لەنگی روو نادات، فڵچەش تا کۆتاییهاتنی تابلۆ درێژە بە ئازادییەکەی خۆی دەدات.



## کابور:

# ژیانی تایبەتی خۆم بە پلەی یەکەم دێت

لە لێدوانێکدا دەربارەی رەتکردنەوەی رۆڵی لە فیلمی Dil Dhadakne Do کارینا کاپۆر جەماوەری تووشی شۆك کرد و وەڵامەکەی بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو، چونکە کارینا کاپۆر بەوە ناسراوە کە هونەر و خۆشەویستیی بۆ هونەر لە سەرووی هەموو شتێکە و هیچ کاتێك بێ هونەر و سینەما ناژیت .

کارینا لە وەڵامی پرسیارەکەدا وتی: «ئێستا ژیان گۆڕاوە بەتایبەتی دوای ئەوەی لەگەڵ (سەیف عەلی خان) ژیانی هاوسەریم پێك هێنا، بۆیە ئێستا بەر لە هەموو شتێك گرنگی بە ژیانی تایبەتی خۆم و خێزانەکەم دەدەم و ژیانی تایبەتی خۆم بە پلەی یەکەم دێت، ئینجا بیر لە هونەر و سینەما دەکەمەوە»، سەبارەت بە رەتکردنەوەی فیلمەکە گوتی: «بۆ بەشداریکردن لەم فیلمە پێویستە سێ مانگ لە دەرەوەی وڵات بم و نەگەڕێمەوە، منیش بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم ئەم کارە بکەم، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستامدا، بۆیە ئەم بارودۆخە وای لێکردووم بە دوای فیلمێکدا بگەڕێم کە وەك کارێکی رۆژانەی هەر فەرمانبەرێك بەشداریی تێدا بکەم، بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ئەرکی خێزانی و ماڵەوەم هەبێت، چونکە من ئامادە نیم بە هیچ شێوەیەك ئەرکەکانی خۆم بەرامبەر بە خێزانەکەم بکەمە قوربانی هیچ شتێك، تەنانەت هونەر و سینەماش» .

پێویستە بوترێت دوای ئەوەی کارینا رۆڵەکەی رەت کردەوە، ئێستا ئەنۆشکا شارما شان بە شانی هەر یەکە لە برینکا شۆبرا و فەرحان ئەختار و ئەنیل کابور دیاریکراوە بۆ بینینی رۆڵی سەرەکی لە فیلمەکە.

## هیچ کەس کاریگەریی لـ

خانمە ئەکتەری (هۆڵیۆد راشیل وایز) ددانی بەوەدا نا کە لە سەرەتای چوونی بۆ هۆڵیۆد هەستی بەوە دەکرد کە زۆر ناشیرینە و بە نهێنی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی وەك کچەکانی دیکەی هۆڵیۆد کێشی لەشی کەم بکاتەوە، ئەمەش تا رادەیەك زەحمەت بوو.

راشیل دەڵێ: «ئێستا ئەم دیدەم گۆڕاوە، هەست ناکەم لە ژیاندا شتێکم لە دەستدا بێت، لە هەمان کاتدا زۆریش شانازی بەخۆم و ئەو ئاستەی ئێستامەوە دەکەم، هەرچەندە ئەو کات لەبەر ئەوەی لەشم وەك ئافرەتانی



## ریهانا: جەماوەری خۆم بە پێوەر دەزانم

بەر لە ماوەیەك كچە گۆرانیبێژی ئەمریكی ریهانا لە كاتی گۆرانی وتن لە ئاهەنگێك لە شاری ئەنتویرب لەلایەن چەند رۆژنامە و دەزگای راگەیاندنی ئەمریكییەو بە بێهۆش تۆمەتبار كرا، بەڵام ریهانا هیچ گرنگییەكی بەو تۆمەتانە نەدا.
بەر لە چەند هەفتەیەك چەند وێنەیەكی نیمچە رووتی ریهانا لەگەڵ كۆمەڵە هاورێیەكی لە پاریسی پایەتختی فەرەنسا بڵاوكرایەوە و لە تەنیشتی وێنەیەكی دیكەی بڵاوكرایەوە كە بێهۆش دیار بوو، ریهانا لە وەڵامی بڵاوكردنەوەی ئەم وێنانە و تۆمەتانە وتی: «من هیچ گرنگییەك بە رەخنە نادەم، تەنیا گرنگی بەو كارانە دەدەم كە خۆم ئەنجامیان دەدەم و ئەوەی جەماوەرەكەم پێی خۆشە، چونكە دەزانم بە هەر شێوەیەك بم خەڵكانێك رەخنەم لێدەگرن و دەیانەوێ كاریگەرییان لەسەر خۆم و كارەكانم هەبێت» ریهانا زیاتر گوتی: «من جەماوەری خۆم بە پێوەر دەزانم بۆ سەركەوتنەكانم، هەروەها من ئازادم چی دەپۆشم و چۆن دەردەكەوم لەسەر شانۆ، هەر كاتێك جەماوەر راستەوخۆ لەسەر شانۆ رەخنەیان لێ گرتم و رازی نەبوون بە كارەكانم، ئەو كات كەسانی دیكەش دەتوانن رەخنەم لێ بگرن، بەڵام من هیچ كاتێك گرنگی بە رەخنەیی راگەیاندنەكان و هەندێ كەس نادەم.



## ـــــــەسەر ژیانی راشیل نەبووە

دیكە ئاسایی نەبوو، بۆیە نەمتوانی وەك هەر ئافرەتێكی دیكە كێشی لەشم دابەزێنم» راشیل دووپاتی كردەوە كە هیچ كاتێك بێ بڕوا نەبووم بەخۆم، یان بێ ئومێد نەبووم لەوەی كە لەگەڵ كەسایەتیی خۆم نەگونجێم، هەروەها هیچ كەسێك نییە كا كاریگەری لەسەرژیانم هەبێت و لێم تێك بدات، ئێستا لە نیۆیۆرك دەژیم و زۆریش دڵخۆشم، چونكە من نامەوێ ببم بە یەكێك لە كەسایەتییە هونەرییە ناودارەكان، تەنیا دەمەوێ ئەكتەر بم و هیچی دی.

## ساندرا ئەلیساندرا:

# تەنیا پشت بە توانا و بەهرەکانی خۆم دەبەستم



*** چۆن خۆت بە خوێنەرانمان دەناسێنیت؟**

- من کوردێکی باشووری کوردستانم و لە سلێمانی لە دایکبووم، زۆر منداڵ بووم کاتێك لەگەڵ بنەماڵەکەمان کۆچمان کرد بۆ وڵاتی سویسرا، لەوێش خوێندنم لە بەشی بازرگانی تەواو کرد، دەمێکە دەستم بەکاری هونەری کردووە و دوو ڤیدیۆ کلیپم هەیە، کە هەردووکیان دەنگدانەوەیەکی زۆر باشیان هەبووە، ناوی ساندرا ناوی راستەقینەیەی منە و ناوێکی خوازراو نییە، بەڵام لە ئەورووپا بە ئەلیساندرا بانگ دەکرێم و ئەم ناوەم وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی من لە سویسرا دەژیم، نەمویست ناوەکە بگۆڕم، خۆیشم لە نێو کاری هونەریدا ئەم ناوەم بەکارهێنایەوە و بووەتە ناوێکی فەرمیی من، هەر بەم ناوەش لە نێو کاری هونەری دەناسرێمەوە.

*** چۆن دەستت بە کاری هونەری کرد و لە کەیەوە ئەم ستایلەت هەڵبژاردووە؟**

- راستە من کوردم، بەڵام ئەو هونەرەی من پێشکەشی دەکەم، زیاتر هونەرێکی جیهانییە. من نازانم کۆمەڵگەی کوردی چۆن پێشوازی لە دەنگ و گۆرانی و دەرکەوتنی من دەکات، بەڵام من دەنگ و رەنگ و ستایلێکی جیاواز و شتێکی نەبینراو دەبم، ئەگەر کاردانەوەی کۆمەڵگەشم لەسەر بێت، لە هەمان کاتدا خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی گەنجان پێشوازیم لێ دەکەن، من لە سەرەتای کاری هونەریم و ئێستاش ئەو کارە هونەرییانە دەکەم کە دمەوێ پێشکەشیان بکەم.

*** لە نێو هونەرمەندان کەس هاوکاریی کردوویت؟**

- هیچ هونەرمەندێکی کورد، یان بیانی هاوکاریی منی نەکردووە، چونکە پێویستم بە هاوکاریی هیچ کەسێك نییە و حەزم کردووە هەموو شتەکان تایبەتی خۆم بن، تاکو دواتر کەس نەتوانێت شتێکم لێ وەربگرێتەوە، بۆیە هەر کە لە سەرەتاوە دەستم پێکردووە و تا ئێستا، خۆم خاوەنی هەموو ئەو شتانەم کە پێشکەشم کردووە و بەرهەمم هێناوە.

*** پێتوایە بەو شێواز و ستایلەی ئێستای خۆت سەرکەوتوو دەبی؟**

- من پێموایە دەنگ و رەنگێکی جیاوازم، جووڵە و رەنگێکی نەبینراوم، ستایلی جیاواز و تایبەتی خۆم هەیە و پێموایە سەرکەوتوو دەبم، بەڵام من لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر جیاواز و بە نوێکارییەوە دەردەکەوم، بۆیە پێموایە زۆر سەرکەوتوو دەبم.

*** لە کارەکانتدا چ پەیامێکت هەیە؟**

- مرۆڤ لە هەر بوارێکی ژیاندا ئەگەر شتێك پێشکەش بکات هەمیشە پەیامی هەیە، ئایا پەیامەکانم لە کۆمەڵگای کوردی بەو شێوەیە دەگات کە بە ویستی من بێت؟، من کچێکی ئازام، ئازادییەکی ئازایانەم هەیە، بە تەکنیك و ستایلی خۆم دەرکەوتووم بە شێوازێکی نەبینراو و دووبارە نەبووە، ئەمە بۆخۆی پەیامێکە، پەیامی دووەمیشم ئەوەیە کە من تەنانەت لە رووکەشدا وەك مکیاژم و نینۆك و قژی دەستکردم بەکارنەهێناوە و کارانم سرووشتین، کە لە ئێستادا ماکیاژ لە کۆمەڵگای کوردیدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە و دەستیان داوەتێ، ئەمەش یەکێکە لە پەیامەکانی من کە کچان دەتوانن بە سرووشتی خۆیان دەرکەون زۆر زۆر جوانترە لەو شتە دەستکردانەی خۆیان پێوەی سەرقاڵ دەکەن و پێیان وایە هونەر ئەمەیە، کە



**ساندرا ئەلیساندرا، خانمە گۆرانیبێژی کورد، بەوە ناسراوە کە کچێکی رەچەشکێنە، بەتایبەتی لە ڤیدیۆکانیدا، چونکە لە نێو ڤیدیۆ کلیپەکانیدا بە نیمچەڕووت و وروووژێنەر دەردەکەوێت و بووەتە جێگای قسەو باسی سۆشیاڵ میدیای کوردی، بەڵام ئەو وەڵامی ئەو کەسانە ناداتەوە کە رەخنەی لێ دەگرن و ئەمە بە بەشێک لە ئازادیی خۆی دەزانێت و بەردەوامیش دەبێت لەسەر ئەو ستایلەی، بۆیە بە پێویستمان زانی لەگەڵ ساندرا گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەین و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

ئەمەش یەکێکە لە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی من.

*** جیا لە گۆرانی گوتن لە هیچ بوارێکی دیکەی هونەریدا کارت کردووە؟**

- بەر لەوەی روو بکەمە گۆرانی لە شانۆی سەرشەقامدا بەشداریم کردووە و بەرنامەم هەیە لە داهاتوودا بە بینینی رۆڵی سەرەکی لە فیلمێکی سینەماییدا بەشداری بکەم، ئەم فیلمە لە وڵاتی ئەڵمانیا کاری بۆ دەکرێت.

*** ئەو ستافەی کاریان لەگەڵدا دەکەی چەندیان کوردن؟**

- ئەو کەسانەی کە لە رابردوودا کارم لەگەڵیاندا کردووە، هیچیان کورد نەبوون، جگە لە دوایین کارم کە دەرهێنەرەکەی کاك رەوەند جەواد و وێنەگرەکەی کاك عەدنان سالار بوو، بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار لە وڵاتی ئەڵمانیا کاری ڤیدیۆ کلیپەکەمان کرد.

*** لە خانەوادەکەت کێ پشتیوانیت دەکات؟**

- جگە لەو خانەوادەی لەگەڵیان دەژیم کە دایك و باوك و خوشك و براکانمە، بۆچوونی هیچ کەسێکی دیکە وەرناگرم، ئەوان پێش خۆم رازی بوون لەسەر ئەو شێوازە دەرکەوتنەی من، بەتایبەتی باوکم لە من خۆشبەختترە کە من توانیومە بە شێوازێکی زۆر زۆر جیاواز بێمە ناو هونەرەوە.

*** راشکاوانە پێمان بڵێ پشت بە تواناکانی خۆت دەبەستی، یان سەرنجڕاکێشی و وروووژاندن؟**

- لای من هیچ دەستەواژەیەك نییە بە ناوی وروووژاندن و باوەڕم پێی نییە، تەنیا و تەنیا باوەڕم بە توانا و جیاوازی و بەهرەی تایبەتی خۆم هەیە.

*** ئامادەی لە کوردستان بەو ستایلە دەرکەوی؟**

- بەڵێ، ئامادەم لە کوردستان بەو شێواز و ستایلە دەربکەوم و کار بکەم و ئەگەر لە کوردستانیش ژیابام، دڵنیابن بە شانازییەوە هەر بەو شێوەیە دەردەکەوتم.

*** بەو ستایلەی تۆ، کاری هونەری لە ئەورووپا چۆنە؟**

- بۆ من کاری هونەری لە ئەورووپا زۆر سەختە، بە تەنیا بە ئۆتۆمبێل لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە هەزاران میل دەبڕم، تەنیا بۆ ریکۆرد، یان کلیپکردنی گۆرانییەك، بێگومان ئەمە سەختە، بەڵام دواجار من هەر شتێکم بوێت، هەوڵی بۆ دەدەم، لای من نابێ هیچ شتێك بە خەون بمێنێتەوە، دەمەوێ بە هەموو ئەو شتانە بگەم کە دەمەوێ ئەنجامیان بدەم.

*** بۆچی بەرهەمی هونەریت کەمە؟**

- من ساڵێکە دەستم بە کاری هونەری گۆرانیگوتن کردووە، ئەمەش ماوەیەکی زۆر کەمە، تا ئێستا دوو کلیپم هەیە و لە ئێستادا کلیپێکی نوێم بەرهەمهێناوە.

*** جگە لە زمانی کوردی بە چەند زمانی دیکە گۆرانیت گوتووە؟**

- بە ئیتاڵی و ئینگلیزی و ئیسپانی گۆرانیم هەیە، لەبەر ئەوەی حەزم لەوەیە بە زمانی دیکەش گۆرانی بڵێم، بڕیارم داوە لە داهاتوودا بە زمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێم، ئەو بەهرەیەشم هەیە کە جگە لە زمانی کوردی دەتوانم بە شەش زمانی دیکەش گۆرانی بڵێم، هەروەها من دانسەرێکی زۆر باشم، هاوکات بەهرەیەکی باش لە بواری گۆرانیگوتن و سەما لە خۆمدا دەبینم، من پێموایە گۆرانیگوتن تەنیا وشەگوتن نییە، دەبێت گۆرانیبێژ هونەری جەستە و نمایشکردنی جەستەشی هەبێت، بۆیە من دەمەوێت بەشێوازێکی نوێ کاری هونەری پێشکەش بکەم.